# سەرۆکایەتیتان پیرۆزی گەلانی کوردستانی گەورەش بێت

د.ئەحمەد میراودەلی



لەمێژە بەهیوای مژدەیەکی خۆش لە ولاتەوە، بەدڵی پڕخەم و پەژارەوە شەوانە بەنائومێدی سەردەنێمە سەرسەرین، لێ بێکەس گوتەنی"ئەوانەی بێ خەم سەردەنێنە سەرسەرین، هەر سەرسەرین هەرسەرسەرین".

ئەورۆ مژدە لەخۆم و گەلانی سەرانسەری کوردستان، وا یەکێک لەئاواتەکانمان هاتەدی. بۆ یەکەم جار لەدوای هەرەسی کۆماری مەهابادەوە، لەباشووری ولاتە کاولەکەماندا، سەرۆکێک دەستنیشان کرا. با ناحەزانی تورک و فارس و عارەب کە سەدان ساڵە، لەترسی ئەم ڕۆژە خەریکی جادووگەرین، لەداخا ورگی خۆیان هەڵدڕن.

دەبا ئێمەی کوردستانیش، ئەم ڕۆژە بکەینە جەژنێکی گەورەی وەها لەسەرانسەری میدیای جیهان دا ئامێژەی بۆبکرێ. با بەدنیا ڕاگەیەنین کە، ئێمە لە هیچ کەس کەمترنین، ئێمەش سەرۆکمان هیەو ڕێنماییمان ئەکات.

دڵ نیام، خامەی نەیار و خۆفرۆشان، دەکەونە ڕشانەوەی ژارەکانیان، لێ با لە ورگی باپفکراوی خۆیان بدەن وەک دەهۆڵ.

ئێمەی کورد دەبێ ئەوە بزانین، ئەمە گەورەترین هەنگاوە بۆ یەکتری قبووڵکردن، هەنگاوی یەکدی قبولکردنە لەلایەن پارتی و یەکێتی یەوە، هەنگاوێکە شایستی دەست خۆشانەو پیرۆزبایی یە لە هەموو سەرانی پارتە کوردستانییەکان. دڵ نیام جەماوەری کوردستانی، بە دڵێکی سەرلێو بەشادمانییەوە بەرەو پیری ئەم ڕووداوە گرنگە مێژوویی یە دەبنەوە.

بێ گومان ئەرکی سەرۆکیش ئەرکێکی دژوارە لەم ڕۆژە ئاڵۆزەی ڕامیاری نێوچەکەدا، لێ وەک کوردێکی بە ئەمەک و دڵسۆز بۆ ئەو خاکە پاکەی لەسەری پەروەردە بووم، بۆ ئەو ئاوە سازگارەی خواردوومەتەوە و بۆ ئەو با پاکەی لێم هەڵمژیوە، بەڵێنی بەرزڕاگرتنی سەرۆکم ئەدەمێ هەتا ئەو ئاستەی ئەویش، لەسەرو پارتایەتییەوە پارێزگاری مافی تاکەکەسی کوردستانی و کەمایەتی نەتەوەیی و ئاینی بێت.

بەڕێز کاکی گەورەی کوردان، بەکوێرایی چاوی دوژمنان. سەرۆکایەتیتان پیرۆز.

Mirawdaly@hotmail.com